گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وەڵامی کاریگەر لە چوارچێوەی تیۆری پەیوەندی

**م.ی. میدیا جەلال مەجید**
بەشی کوردی, کۆلێژی پەروەردەی مەخموور, زانکۆی صەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Midya.majeed@su.edu.krd

**پ.د. عبدالواحید مشیر دزەیی**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی صەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/١٠/٢٩
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١١/٢٦
بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٥

**وشە سەرەکییەکان:**
*Effective response*
*Relevance Theory,*
*Context, Stimulus,*
*Assumptions,*
*Intentional actions*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.11

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی تیۆری پەیوەندی (Relevance Theory)شیکردنەوە بۆ وەڵامی کاریگەر دەکات. وەسفێکی نوێ بۆ پەیوەندیکردنی نێوان گووتنەکان و لێکدانەوەی واتای پڕاگماتیکی دادەڕێژێتەوە. خاوەنی ئەم تیۆرە هەر یەك لە (سپیربر) و (ویلْسن)ە، ئەم تیۆرە پێی وایە، کە پرۆسەی گەیاندن تەنها نەبەستراوەتەوە بە کۆدکردن و کردنەوەی کۆدی پەیام، بەڵکو چەمکی بوارە ئەقلییەکانیان بۆ پەیوەندیکردن خستە پرۆسەی لێکدانەوەی واتا. ئەم تیۆرە پشت بەهێزی هاندەری زمانەوانی دەبەستێت، کە چۆن هاندەرێکی بە هێزی گووتن لەلایەن تاکێکەوە بەرهەم دەهێنرێت و لەلایەن تاکێکیترەوە هەستپێدەکرێت. وەڵامی کاریگەر وەڵامێکی خێرا و کورتە( وەڵامێکی دەمکوتکەرە)زۆرجار بەرانبەر بێدەنگ دەکات، یان توشی شەرمەزاری دەکات. ئەم تیۆرە پەیوەندییەکی زۆری بە وەڵامی کاریگەر هەیە، چونکە وەڵامی کاریگەر لەلایەن قسەکەر و گوێگر، هاندەرێکی زمانییە، هەروەها تیۆری پەیوەندی لەسەر بنەمای کەمی و زۆری ئەرکە لەسەر ئاخێوەران. وەڵامی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەریش لەسەر بنەمای کار و کاردانەوەی بەهێزە، کەواتە بەشێکی زۆری وەڵامەکان بۆ ئەوەی کاریگەر بێت، لە بنەماکانی هاریکاری گرایس لادەدەن، بەمەش پەیوەندییەکە لێڵ دەبێت، بۆیە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکە، ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر وەرگر. مەبەست لەم توێژینەوەیە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەیە: ئایا لە وەڵامی کاریگەردا کار و کاردانەوە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە، یان نا؟ بەپێی ئەم تیۆرە چۆن دەوروبەرێکی گونجاو بۆ وەڵامدانەوە هەڵدەبژێرین؟ لە کۆتایدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە هەر هاندەرێک کاریگەری درکپێکردنی زیاتربێت، پەیوەندیدارترە، هەروەها ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، بەهۆی زانیاری کردەکانی قسەکەر، دەتواندرێت پەیوەندی لەنێوان گوتنەکان بدۆزرێتەوە .

## پێشەکی:

توێژینەوەکە بەناونیشانی( وەڵامی کاریگەر لە چوارچێوەی تیۆری پەیوەندی). مەبەستمان لە وەڵامی کاریگەر ئەو وەڵامەیە، کە کەسێك گووتنێك دەردەبڕێت، جا ئەم گووتنە قسەیەکی نەشیاو بێت، یان پرسیارێکی بێزارکەر بێت، یان هەر گوتنێکی تر بێت، تۆ وەڵامێکی دەدەیتەوە، وەك کاردانەوەیەك ئەو توشی شەرمەزاری دەکەیت. بەپێی ئەم تیۆری پەیوەندی(RelevanceK) کار و کاردانەوەدا لە پرۆسەی وەڵامی کاریگەر،(دەمکوتکەر)، دانانی چەند گریمانەیەکە بۆ تێگەیشتن و هەڵبژاردنی دەوروبەرێکی گونجاو. هەموو گوتنێك لە بنەڕەتدا بە سیستەمێکی وێنەیی مێشك پەیوەندییەکە دەدۆزرێتەوە.

### - کێشەی توێژینەوەکە:

وەڵامی کاریگەر پەیوەندی نێوان کار و کاردانەوەیە. بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکانی پەیوەندی نێوان کار و کاردانەوە و لێکدانەوەی واتاکە، پێویستمان بە زانیاری دەوروبەر دەبێت. بۆ لێکدانەوەی زانیارییەکانیش تیۆری پەیوەندیمان هەڵبژارد. تیۆری پەیوەندی(Relevance) بۆ گەیشتن بە ڕادەی پەیوەندی نێوان گووتنەکانە، چۆنییەتی دیاریکردنی واتای مەبەست لە ڕێگای دووری و نزیکی

پەیوەندی نێوان گووتنەکان. پەیوەندی نێوان کار و کاردانەوە، تا چ ڕادەیەك گونجاوە و تا چ ڕادەیەك بۆ تێگەیشتن و وەڵامدەر(کاردانەوە) ئەرك دەخاتە گوێگر. ئەو گریمانانەی، کە تیۆری پەیوەندی پێشنیاری کردووە، گوێگر (وەڵامدەر) تا چ ڕادەیەك گریمانەکان هەڵدەبژێرێت بۆ وەڵامدانەوە (کاردانەوە).

**- ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لە توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاریمان پەیڕەو کردووە.

**- سنوری توێژینەوەکە:**

لە چوارچێوەی تیۆری یپەیوەندی، لە پەیوەندی نێوان گووتنەکانی کار و کاردانەوە لە پرۆسەی وەڵامی کاریگەر دەکۆڵێتەوە.

**- پلانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم: تایبەتە بە تیۆری پەیوەندی و سەرچاوەی سەرهەڵدانی تیۆرەکە، گەیاندنی چەمکەکان، پەیوەندیکردنی نێوان گووتنەکان لە تیۆری پەیوەندی، پەیوەندیکردن لەڕێگای توانای بارە ئەقڵییەکان، کارلێك و دەوروبەر هەڵبژاردن لە تیۆری پەیوەندی، سەرچاوەکانی گریمانەی دەوروبەری، گونجان (دۆزینەوەی پەیوەندی)، هاندەر و کاریگەری. بەشی دووەم: وەڵامی کاریگەر، کار و کاردانەوە، دۆزینەوەی پەیوەندی لە وەڵامی کاریگە، مەبەستداری، جۆری کردەکان لە وەڵامی کاریگەر، بەزاندنی بنەماکانی گرایس لە وەڵامی کاریگەر، شیکردنەوەی چەند نموونەیەك بە پێی تیۆری پەیوەندی.

## بەشی یەکەم: تیۆری پەیوەندی(Relevance Theory):

ڕادەی پەیوەندی نێوان گووتنەکان دیاری دەکات، ئەگەر پەیوەندی نەبێت هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکان. بۆ دەستکەوتنی زانیاری پەیوەندی نێوان گووتنەکان و لێکدانەوەی واتاکە، پێویستمان بە زانیاری دەوروبەر دەبێت. بۆ لێکدانەوەی زانیارییەکانیش (سپیربەر و ویڵسن) تیۆرەکیان دانا،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەناوی تیۆری پەیوەندی(**Relevance**) بۆ گەیشتن بە ڕادەی پەیوەندی نێوان گووتنەکان، چۆنییەتی دیاریکردنی واتای مەبەست لە ڕێگای دووری و نزیکی پەیوەندی نێوان گووتنەکان.

**١-١ سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆری پەیوەندی(Relevance Theory):**

تیۆری پەیوەندی بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ڕادەی پەیوەندی نێوان گوتنەکانە. هەریەك لە زمانەوانی بەریتانی دیدری ویڵسن (Deirdre Wilson) و ئەنترۆپۆلۆجی فەرەنسی دان سپیربر (Dan Sperber) تیۆرەکەی خۆیان لە کتێبێکدا بەناوی تیۆری پەیوەندی Relevance لەساڵی (١٩٨٦) پێشکەشکرد، لە ساڵی(١٩٩٥) پێداچوونەوەی بۆکرا. ئەم تیۆرە یەکێکە لە تیۆرەکانی پڕاگماتیکی. (تیۆرەکانی پڕاگماتیك سێ جۆرە:( تیۆری y، تیۆری هێڵی، تیۆری زانستی مەعرفی(cognative) . تیۆری پەیوەندی یەکێکە لە تیۆرەکان پڕاگماتیکی مەعرفی (فاطمة زهرة فتاك، ٢٠١٩: ٣٥). ئەم تیۆرە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدات، کە لە پڕاگماتیك هەبوو، سەبارەت بە واتا و پەیوەندیکردن. لەم کتێبەیاندا پێشنیاریان کردبوو، وەسفێکی نوێ بۆ پەیوەندیکردن و لێکدانەوەی واتا دابڕێژنەوە، کە پەیوەندیکردن وەك پرۆسەیەکی دەرئەنجام وەسف دەکات، بە پشتبەستن بە میکانیزمەکانی سیستەمی زانیاری(مەعرفی) لە ئەقلی مرۆڤدا، واتە چارەسەرکردنی زانیارییەکان لە ئەقلی مرۆڤدا لە ئاستی لێکدانەوە و بەرهەمهێنان.

**١-١-٢ سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی تیۆری پەیوەندی (Relevance Theory)و داڕشتنی تیۆرەکە:**

تیۆری پەیوەندی لە دوو سەرچاوەوە سەری هەڵداوە. سپیربەر و ویڵسن بۆ داڕشتنی تیۆرەکەیان، سودیان لە تیۆری گرایس و تیۆری فۆدۆر وەرگرتووە. (مسعود صحراوی، ٢٠٠٥: ٣٦)

**١-١-٢-١ تیۆری دەرکەوتە(Implicature)ی ئاخاوتنی گرایس:**

تیۆری پەیوەندی سودی لە بواری فەلسەفەی زمان، بەتایبەتی تیۆری دەرکەوتە(Implicature)ی ئاخاوتنی) گرایس(Paul Grice) لە ساڵی (١٩٧٥) وەرگرتووە. پێشنیاری گرایس ئەوەیە: کۆمەڵێ

گریمانەی سەرەتایی هەیە، کە ڕێنمای بەڕێوەبردنی گفتوگۆدەکەن، بۆ ئەم مەبەستە گرایس چوار بنەمای گفتوگۆیی دانا: بنەمای چۆنییەتی(Quality): هەوڵدە بەشداریکردنەکەت ڕاست بێت. ئەوەی پێت وایە درۆیە مەیڵێ. بنەمای چەندێتی(Quantity): بەشداریکردنەکەت نە زیادەبێ و نە کەمتر لەوەی پێویستە. بنەمای شێواز(Manner): گوتنەکەت ئاشکرا بێت، دوورکەوە لە ناڕوونی، ڕێك وپێك بێت و ڕێکخراو بێت. بنەمای پەیوەندی(Relevance): گووتنەکانت پەیوەندی بە داواکاری وەرگر هەبێت..( Georgy Yule,1996:37) هەروەها بڕوانە: (Stephen e . Levinson,2008:101-102)، (H.P.Grice,1975: 47) مەبەستی گرایس لە بنەماکان ئەوە نییە، کە ئێمە هەمیشە لە ئاستێکی ڕووکەشدا پابەند بین، بە بنەماکان، بەڵکو مەبەستەکەی لەوە دایە، کە ئەوەی خەلك دەیڵێت، لایەنی کەم لە ئاستێکدا لێکبدەنەوە و بگونجێت. (Stephen e . Levinson,2008: 103) کەواتە قسەکەر دەتوانێت لە یەکێك، یان بەشێکی ئەو بنەمایانە لابدات، بەمەش واتاکە ڕوون نابێت، واتە پێویستە بەدوای مەبەست و واتاکەی بگەڕێین و بگەین بەمەبەستی قسەکەر. بەمەش دەرکەوتە(لێکەوتە)ی لێ دەکەویتەوە، واتە بۆ واتا و مەبەستی قسەکەر بە دەرئەنجامێك دەگەین. دەرکەوتە ئەوەیە قسەکەر شتێك زیاتر لە واتای وشەکان دەگەیەنێت، واتایەکی گەیەنراوی زیادەیە.(Georgy Yule,1996: 35) کەواتە لێکدانەوەی ئاخاوتنە لەو مەبەست و زانیاریانەی، کە دەرنەبڕاوە و بە نائاشکرایی لەلایەن قسەکەرەوە گوتراوە.

توێژەران چەندین جار هەوڵیانداوە بە پڕاگماتیکدا بچنەوە، یەکێك لەو هەوڵانە دانانی چەند بنەمایەك بوو، بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی پەیوەندی، ئەویش بنەماکانی هاریکاری گرایس بوو، تیۆری پەیوەندی سودی لە بنەمای چوارەم وەرگرت ئەویش بنەمای(پەیوەندییە). تیۆری پەیوەندی چاوی بە تیۆری گرایس داخشاندەوە و ناوەڕۆکەکەی کورتکردەوە بۆ بنەمای پەیوەندی( Relevance). جیاوازیەکەشی لەگەڵ تیۆرەکەی گرایس ئەوەیە، کە هەموو ئەمانە دوای پڕۆسێسی کۆمەڵێ زانیاری لە مێشك، کە بە پڕۆسێسی مەعرفی ناسراوە، ئەم پڕۆسەیەش دانانی چەند گریمانەیەکە لە لایەن گوێگرەوە. ئەگەر لە گوتنەك پەیوەندیەکی ڕوون نەبێت، ئەوا چەند گریمانەیەك ئەنجام دەدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١-١-٢-٢ تیۆری مۆدیولاری (Modularity)ی فۆدۆر:**

تیۆری پەیوەندی سودی لە بواری دەروناسی مەعرفی بەتایبەت تیۆری (Modularity)ی فۆدۆر(Fodor) لەساڵی (١٩٨٣) وەرگرتووە. تیۆری پەیوەندی تیۆرەکی مەعرفییە، سەر بە زانستە مەعرفییەکانە سودی لە تیۆری مۆدیولاریتی(القالبية) وەرگرتووە، لە ئاستی چاودێریکردنی ڕاستییەکانی ژیانی ئەقڵی و ڕوونکردنەوەی ڕێگاکانی پرۆسێسی زانیاری(جواد ختام،٢٠١٦: ٧٣). تیۆری مۆدیولاریتی لە چەمکێکی تایبەتی پرۆسێسی زانیاری سەرچاوەدەگرێت، کە بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت: **سیستەمە گۆڕاوەکان(Transducer systems):** هەموو داتاکان دركپێكردنە ڕاستەوخۆکان وەك: (دەنگەکان، بەدیارکەوتن لە بواری بینین، دەربڕین) بۆ فۆرماتکردنی مەبەست وەردەگیرێت. کارکردنی سیستەمەکە سەرچاوەکانیان هەر چییەك بێت، بۆ مێشك دەیگوازێتەوە بەمەبەستی پرۆسێسکردن. **سیستەمی هاتنەژوورەوە(Input systems):** ئەو زانیاریانە پرۆسێس دەکات، کە لە(گۆڕاوەکان)ەوە وەرگیراون، وەك لێکدانەوەیەکی سەرەتایی کۆدکردن بەکاردەهێنێت، بەمەبەستی لێکدانەوەی گوتنەکی دیاریکراو، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، چونکە لەم قۆناغەدا مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە زمانییەکان لە ئاستی (دەنگسازی، ڕستەسازی، واتاسازی) تێناپەڕێت. **سیستەمی ناوەندی(Central systems):** بریتییە لە تەواوکردنی لێکدانەوەکە بەهۆی پرۆسەی تێکەڵکردنی زانیارییەکانی هەردوو سیستەمی پێشوو، لەگەڵ ئەو زانیارییانەی، کە لە یادگە هەڵگیراون، واتە زانیاری نوێ و زانیاری کۆن، بۆ بەرهەمهێنانی دەرئەنجام، هەموو ئەمانەش پێی دەگووترێت پرۆسێسی زانیاری. بەمەش چەندین توانای جۆراوجۆری مێشکی مرۆڤی تێدا بەکاردێت، بۆ لێکدانەوەی گووتنەکان. ( مسعود صحراوی،٢٠٠٥: ٣٧-٣٨ )، هەروەها بڕوانە: (عیسی بربار ،٢٠١٦ : ٥١)سپیربەر و ویلسن ئەمە دەخەنە ڕوو، کە لەم قۆناغەدا گریمانەکان پێکدەهێنرێت و دەچەسپێنرێن. گووتنەکان لێکدانەوەیەکی تەواویان بۆ دەکرێت.

**١-٢ پەیوەندیکردنی نێوان گووتنەکان لە تیۆری پەیوەندی:**

لە تیۆرەکانی پشوو ئەوە باوبوو، کە لەڕووی فیزیکییەوە، بیرکردنەوەکان لە مێشکێك بۆ مێشکێکی تر دەگوازرێنەوە، هەڵام بیرکردنەوەکان سەفەر ناکەن، وەك لە بۆچوونەکانی پێشتر ئاماژەی پێدەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سپیربەر و ویڵسن هەوڵیاندا لەو چەمکە نەریتییە(تەقلیدیە)ی پەیوەندیکردن دووربکەونەوە، کە بریتییە لە گواستنەوەی بیرۆکە و زانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر. ئەگەر پەیوەندی گواستنەوەی بیرۆکە نەبێت، **ئەی چۆن پەیوەندی ڕوودەدات؟** سپیربەر و ویڵسن چەمکێکی نوێیان بۆ پەیوەندیکردن داناوە، کە بیرۆکەکان لە ئەقل لەدایك دەبن تێیدا دەژین و دەمرن دەڵێن: پەیوەندی پرۆسەیەکە دوو ئامێری پرۆسێسی زانیاری(Information-Processing) لەخۆ دەگرێت، ئامێرێك ژینگەی فیزیکی ئەویدیکە دەگۆڕێت. لە ئەنجامدا ئامێری دووەم نواندنێك هاوشێوەی ئەو نواندنە دروستدەکات، کە پێشتر لە ئامێری یەکەمدا هەڵگیراوە (Dan Sperber and Deirdre Wilson1995: 1). مەبەستیان لە ئامێرەکان قسەکەر و گوێگرە.

بەم پێیە بیرۆکەکان، کە نواندنە وێناکردنەکانن( Conceptual Representations) لە مێشکی وەرگر بۆ شێوەی هاندەر (ورژێنەر) دەگۆڕێن. لە ئەنجامدا کاردانەوەیەك لەسەر شێوەی نواندنی وێنە، لە مێشکی وەرگردا دروست دەبێت، بەڕێژەیەکی دیاریکراو لەو نواندنە دەچێت، کە لە مێشکی قسەکەردا ئامادەیە، بەم جۆرە بیرۆکەکان ناگوازرێنەوە، بەڵکو زیاتر بەهۆی کاریگەری هاندەرێکەوە دروستدەبن ( فاطمة الزهرة فتاك،٢٠١٩: ٣٥). واتە هاندەرێك لەلایەن قسەکەرەوە، بەرهەم دەهێنرێت و لەلایەن گوێگرەوە هەستی پێدەکرێت. زنجیرەیەك پرۆسەی دەروونییە، کە دەبێتە هۆی تێگەیشتن و درکپێکردن لە واتای بەڵگە و لێکدانەوەی واتاکەی. (جواد ختام، ٢٠١٦: ١١٨) کەواتە پەیوەندی زارەکی سەرەتا بیرۆکەیەکە(نواندنە وێناکردنەکانن) ( Conceptual Representations)، لە شێوەی هاندەر، کە دەبێتە گۆڕانکاری(دەستکاریکردن) لە ژینگەی فیزیکی وەرگر. لە ئەنجامدا وەرگر بیرکردنەوەکانی هاوشێوەی بیرکردنەوەکانی قسەکەرەکە دەکات. ئەوزانیاریانەی بەکاردەهێنێت، کە لەسەر هەمان بیرکردنەوەی قسەکەرە، بۆ ئەوەی تێبگات و پەیوەندییەکە بدۆزێتەوە.

### ٣-١ پرۆسەی پەیوەندیکردن لەڕێگای توانای بارە ئەقڵییەکان بۆ لێکدانەوەی واتا:

زانایانی پێشوو لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە پەیوەندی زارەکی پرۆسەی کۆدکردن و پرۆسەی دەرئەنجام لەخۆ دەگرێت، بەڵام سپیربەر و ویڵسن دەڵێن: ئەم دوو مۆدێلە دەتوانرێت بەشێوەیەکی جۆراوجۆر تێکەڵ بکرێت. هەروەها دەڵێن: مۆدێلی کۆد و مۆدێلی دەرئەنجام

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەریەکەیان بۆ شێوازێکی جیاوازی پەیوەندیکردن گونجاون، ناتوانن هەموو شێوازەکانی پەیوەندیمان بۆ ڕوونبکەنەوە( Sperber and Deirdre Wilson1995: 3). کەواتە نابێت هەریەکەیان بە تەنها تیۆرەك بن، بۆ لێکدانەوەی واتا، بەڵکو پێویستە یەك تیۆری لێکدانەوەی واتا هەبێت. دەڵێن: مۆدێلی کۆد قۆناغی یەکەمی پرۆسێسی زمانە و بۆ ئەوەی واتای قسەکەر بەدەست بێت، لە ڕێگەی دەرئەنجام دەوڵەمەند دەکرێت. پەیوەندی زارەکی بە ئامانجی گەیاندنی زانیاری، هەم میکانیزمی کۆد و هەم میکانیزمی دەرئەنجام لەخۆ دەگرێت. (Dan Sperber and Deirdre Wilson1995: 3). زمان کۆدەکە نواندنی فۆنەتیك و واتادارەکانی ڕستەکان جووت دەکەن، بەڵام کەلێنێك لە نواندنە واتاییەکانی ڕستەکان و ئەو بیرکردنەوانەدا هەیە، کە لە ڕاستیدا لە ڕێگای گوتنەکانەوە دەگوازرێنەوە (Dan Sperber and Deirdre Wilson1995: 9). واتە گوتنەکاندا بەشێکی زۆری واتاکان بەدیار ناکەون، بەڵکو لە ڕێگای دەرئەنجامێکەوە هەستی پێدەکرێت. واتە ئەوەی ئەو دوو مۆدێلە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، توانای زانیاری کەسی و توانای پرۆسە ئەقڵییەکەیە، کە بە مۆدێلی پرۆسێسی زانیاری( information-Processing model) ناسراوە، کەواتە تیۆری پەیوەندی( Relevance) ئامانجی ڕوونکردنەوەی پرۆسەی پەیوەندیکردنە، لە ڕێگای میکانیزمی ئەقڵی لە ئەقڵی مرۆڤدا.

**٤-١ گریمانەی دەوروبەری:**

سپیربەر و ویڵسن لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە دەوروبەر دەخەنە ڕوو، دەوروبەر کۆمەڵێ گریمانەی کۆنەکانی تاکە، لەگەڵ گریمانە نوێیەکان یەکدەگرنەوە، کاریگەری جۆراوجۆری جیاواز بەرهەم دەهێنن. (بیروباوەڕی ئاینی، بیروباوەڕی کەلتوری، چیرۆکی هەڵگیراو لە یادگە، گریمانە زانستییەکان، باری دەروونی مرۆڤ)، ئەمانە کۆمەڵێ گریمان کۆنەکانی تاکە (دان سبيربر، ديدري ولسون،٢٠١٦: ٤٢)، کەواتە دەوروبەر لەم تیۆرەدا دانانی چەند گریمانەیەکە، چەندایەتی ئەم گریمانانەش پەیوەستە بە زانیاری یادگەیی و زانیاری پێشینە و زانیاری هەڵگیراو، بۆ ئەم مەبەستەش قسەکەر پێویستە زانیاریەکانی یادگەیی باشتر بکات، بۆ پرۆسێسی زانیاری.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١-٤-١ سەرچاوەکانی گریمانەی دەوروبەری:**

وەك وتمان دەوروبەر پێکدێت لە کۆمەڵێ گریمانەی دەوروبەری، کە لە سێ سەرچاوەوە وەرگیراوە، ئەم سەرچاوانە هەمووی زانیارین بۆ پرۆسێسی زانیاری.

**١- لێکدانەوەی گووتنەکانی پێشوو:** پرسەکانن(القضایا)، ڕاستەوخۆ دەستمان دەکەوێت، لە سەرەتای گووتنەکە، لە یادگەی وێنەیی هەڵدەگیرێت.

**٢- چوارچێوەی فیزیکی:** ئەو زانیاریانەی، کە دەستبەجێ لە ژینگەی فیزیکییەوە هەڵدەگیرێن، کە گووتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت. ئامێری درکپێکردن بۆ قسەکەر خۆی دەنوێنێ لە تایبەتمەندی شوێن جا شوێنەکە ڕاستەوخۆبێ، یان ناڕاستەوخۆ.

**٣- یادگەی سیستەمی ناوەندی:** یادگەی سیستەمی ناوەندی زانیاری جیاواز لەبارەی جیهانەوە لەخۆ دەگرێت، کە بەکاری دەهێنن بۆ دەوروبەر و لێکدانەوەی گووتنەکان. (Dan Sperber and Deirdre Wilson1995:139-144) هەروەها بڕوانە: ( ب- مسعود صحراوی٢٠٠٥: ٣٨-٣٩ )

**١-٤-٢ زانیارییەکانی یادگەی سیستەمی ناوەندی:**

دەوروبەر(کۆنتێکست) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، لە پرۆسەی دەرئەنجام، کە لە لایەن سیستەمی ناوەندییەوە ئەنجام دەدرێت. چەندین پێکهاتەی تر کۆدەبنەوە، کە وادەکات سروشتەکی گۆڕاو و ناجێگیر بێت، بە شێوەیەکی بەردەوام بنیات دەنرێن و ڕێگاکانی دەسکاری دەکرێن، بە پێی ئەو زانیاریانەی کە قسەکەر و وەرگر سەبارەت بە ژینگەی دڕکپێکردنی خۆیان ئاشکرای دەکەن. ئەم ژینگەیە یارمەتی وەرگر دەدات، کە گریمانەیەکی پەیوەندیدار لە نێوان ژمارەیەك گریمانە هەڵبژێرێت. کاتێ وەرگر بە ئەنجامەکی قبوڵکراو دەگات، ئیتر وزەی لێکدانەوە لە سیستەمی ناوەندی چیتر کراوە، نابێت بۆ وەرگرتنی هەموو ئەگەرێك ( جواد ختام ٢٠١٦: ١٢٦). باسکردن لەم سەرچاوەیە، پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە: چۆن دەستمان بەو زانیاریانە بگات، کە لە سیستەمی ناوەندیدا هەڵگیراون؟

**سیستەمی ناوەندی سێ جۆر زانیاری هەڵدەگرێت:**

**هاتنە ژوورەوەی لۆجیکی:** زانیاری لەبارەی هەندێك پەیوەندی لۆجیکی هەڵدەگرێت. **هاتنەژوورەوەی وشەیی:** پەیوەندی بە هەموو ئەو زانیاریانەوە هەیە، کە لە توخمێکی وشەیی هەیە. **هاتنەژوورەوەی ئینسکلۆپیدیای:** هەموو ئەو زانیاریانە لەخۆدەگرێت، کە ئێمە لەبارەی بابەتەکان و ڕووداوەکان، یان تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە چەمکێکی دیاریکراوەوە پێکیان دەهێنین. (Dan Sperber and Deirdre Wilson1995:139-144) . هەروەها بڕوانە: (أ- مسعود صحراوی٢٠٠٥: ٣٨-٣٩ )

**٥-١ گونجان (دۆزینەوەی پەیوەندی) لە تیۆری پەیوەندی:**

دەوروبەر پێشوەختە دیاری نەکراوە و کراوەیە، بۆ بژاردە و پێداچوونەوە بە درێژایی پرۆسەی تێگەیشتن. هەوڵدەدەن لە هەر بابەتێکی نوێی زانیاری تا دەتوانن کاریگەری گەورەی دەوروبەر بەدەست بهێنن. (بڕوانە(Dan Sperber and Deirdre Wilson1995: 142 سەرەتا بەڵگەکان بۆ گریمانەی پەیوەندیداربوون ناڕاستەوخۆن، دواتر بە درێژایی پرۆسێسکردن بەشێوەیەکی سروشتی بەڵگەی ڕاستەوخۆ، یان دژی ئەو گریمانەیە، تا کۆتایی پرۆسەی تێگەیشتن بەدەست دەهێنێت. ئەم بەڵگە ڕاستەوخۆیە جێگای بەڵگە ناڕاستەوخۆ (سەرەتاییەکان) دەگرێتەوە. **(**Dan Sperber and Deirdre Wilson1995:164-165) واتە هەر کۆمەلە زانیارییەك(گریمانەیەك) بۆ دەوروبەرێك، وەك بەڵگە بەکاردەهێنین. ئەگەر پەیوەندی نەدۆزراوە، ئەوا کۆمەڵە زانیارییەکی تر وەك بەڵگە بەکاردەهێنین، تا دەگاتە ئەوەی پەیوەندیدار دەبێت، کە پەیوەندیدار بوو ئەوکات دەوروبەرەکە گونجاوە.

بۆ ئەوەی گریمانەیەکی دەوروبەری گونجاو و پەیوەندیدار هەڵبژێرین، لەڕێگای بنەمای پەیوەندییەوە هەڵدەبژێرین، سپیربەر و ویڵسن ئاماژیان بۆ چەمکی کاریگەری دەوروبەر (Contextual effect) و چەمکی تێچووی مەعرفی (Cognitive cost) کردووە.

**١- کاریگەری دەوروبەر (Contextual effect):** لە بنەڕەتدا کۆمەڵێکە لە گریمانە کۆنەکانی تاك، کە گریمانە نوێیەکان لە گەڵیاندا یەکدەگرن و کاریگەری دەوروبەری (Contextual effect) نوێیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2558-6558 (Print)

لێ دەکەوێتەوە، (Dan Sperber and Deirdre Wilson1995:132) کەواتە کاریگەری دەوروبەری، یان دەتوانین بڵێین کاریگەری درکپێکرد: بریتییە لە دەسکاریکردن و باشترکردنی دەوروبەرێك، ئەم دەسکاریکردنە وردە وردە بە زیادکردنی گریمانە نوێیەکان بۆ گریمانە کۆنەکان. ئەمەش بەهێزکردنی گریمانەکان، یان وازهێنان و سڕینەوەیانە (دان سبيربر، ديدري ولسون ٢٠١٦: ٢١٠)

**٢- هەوڵی پڕۆسێسکردن( processing effort):** بە تێچووی مەعرفی (Cognitive cost) ناو دەبرێت، ئەو ئەرکەیە، کە دەکەوێتە سەر وەرگر، بۆ بەکارهێنانی زانیارییەکانی (پڕۆسێسی زانیارییەکان) واتە چەندێتی هەوڵدانی بۆ لێکدانەوەی واتاکە. کە ئەمەش هەڵسەنگاندنە بۆ پلەکانی پەیوەندی، واتە ئایا بۆ پڕۆسێسی زانیاری و دۆزینەوەی پەیوەندییەکە ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر وەرگر ؟ یان ئەرکێکی کەم دەخاتە سەر وەرگر؟ (Dan Sperber and Deirdre Wilson1995:124)

پلەی پەیوەندی گووتنەك لەسەر کاریگەری دەوروبەر(Contextual effect) وابەستە بووە، بنەمای پەیوەندی دەوروبەرەکە دیاریدەکات، بەم شێوەیە:

- گریمانەیەك لە دەوروبەرێکدا پەیوەندیدارە، ئەگەر و تەنها ئەگەر هەندێك کاریگەری دەوروبەر(Contextual effect) لەو چوارچێوەیەدا هەبێت. (Dan Sperber and Deirdre Wilson1995:122)
- مەرجی یەکەم: لە دەوروبەرێکدا گریمانەیەك پەیوەندیدارە، تا ئەو ڕادەیەی کاریگەرییە دەوروبەرەکانی گەورەن.
- مەرجی دووەم: لە دەوروبەرێکدا گریمانەیەك پەیوەندیدارە، تا ئەو ڕادەیەی ئەو هەوڵەی پێویستە بۆ پڕۆسێسکردنی لەم دەوروبەرەدا بچووکە. (Dan Sperber and Deirdre Wilson1995:125) واتە تێچووی مەعرفی کەمبێت.

ئەگەر گریمانەیەك لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، هیچ کاریگەری دەوروبەری(Contextual effect) نەبێت، ئەوا لەو دەوروبەرەدا پەیوەندی نییە. کەواتە گووتنەك کاتێ پەیوەندیدار دەبێت، ئەگەر کاریگەری دەوروبەر زۆربوو، هەروەها لە گریمانەیەك هەوڵی پڕۆسێسکردن(تێچووی مەعرفی) کەم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوو. واتە گریمانەیەك پێویستی بە هەوڵێکی تێچووی مەعرفی بچووکتری بۆ پرۆسێسکردن هەبێت، ئەوا پەیوەندیدارترە.

**نموونە١ : نازدار و دارا پلانیان هەیە، لە کۆتایی هەفتەی داهاتوو، بۆ گەشت بچن، بۆ دەشتی هەولێر، دەکاتە ٢١ نەورۆزی (٢٠٢٣). دارا بە نازداری گووت:**

**١- لە کۆتای هەفتەی داهاتوودا کەش و هەوا تۆزاوی دەبێت.**

**٢- لە کۆتایی هەفتەدا، کە دەکاتە ٣٣ ساڵ دوای ٢١ نەورۆزی ١٩٩٠ کەش و هەوا تۆزاوی دەبێت.**

**گووتنی یەکەم**: پەیوەندیدارە لەبەر ئەوەی کاریگەری دەوروبەری هەیە، کۆمەڵێ دەرئەنجام هەڵدەهێنجێت: دەیەوێت بیر لە پلانەکەیان بکەنەوە. دەیەوێت ئاگاداری بکاتەوە و ڕازی بکات، کە نەچێت. دەیەوێت بۆچوونی نازدار بزانێت. هەموو ئەو گریمانانە کاریگەری دەوروبەری دروستدەکەن، کەواتە پەیوەندییەکە هەیە. **گووتنی دووەم:** هەمان زانیاری گووتنی سێیەمە، بەڵام تۆزێ ئاڵۆزی کردووە، ئەمەیان پێویستی بە هەوڵی زیاتری پرۆسێسی زانیاریە، کەمتر پەیوەندیدارە، بۆیە پێویستە پەیوەندییەکە بدۆزرێتەوە.

**٦-١ ئەرك کێشان و پەیوەندی:**

ئەرك نەخستنەسەر: وەك گوتمان لە دەوروبەرێکدا گریمانەیەك پەیوەندیدارە، تا ئەو ڕادەیەی ئەو هەوڵی پێویستە بۆ پرۆسێسکردنی لەم دەوروبەرەدا بچووکە. گریمانەیەك پێویستی بە هەوڵێکی (تێچووی مەعرفی)ی بچووکتری بۆ پرۆسێسکردن هەبێت، ئەوا پەیوەندیدارترە. کەواتە ئەگەر لە گووتنێك پەیوەندی هەبوو، ئەوا ئەرك ناخاتە خاتە سەر گوێگر بۆ پرۆسێسی زانیاری. ئەرك خستنەسەر: ئەگەر گریمانەیەك لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، هیچ کاریگەری دەوروبەری نەبێت، ئەوا لەو دەوروبەرەدا پەیوەندی نییە، کە پەیوەندییەکە کەمبێت، یان ڕوون نەبێت، ئەوا پێویستی بە تێچووی مەعرفی زۆری زانیارییە. واتە ئەرك دەخاتە سەر گوێگر بۆ لێکدانەوەی واتاکەی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم: تیۆری پەیوەندی و وەڵامی کاریگەر:

### ١-٢ وەڵامی کاریگەر:

هەروەك باوە لەناو کۆمەڵگا بۆ وەڵامی کاریگەر گوێمان لە چەندین زاراوە بووە وەك: (وەڵامی دەمکوتکەر، بەڵگەی لێ بڕی، بێدەنگی کرد، بلۆکی کرد، وەڵامی ئامادە، وەڵامی ژیرانە، هەناسەی لێ بڕی، وەڵامی خێرا). زۆرجار لە گفتوگۆ و پەیوەندییەکانی ڕۆژانەدا کەسێك هێرشێکی زمانی دەکاتە سەر کەسێك بەمەبەستی توانج، یان شکانەوە. کەسی دووەم وەڵامێکی(کاردانەوەیەکی) خێرای دەداتەوە، یان کەسێك پرسیارێکی لێ دەکات، نایەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، لە وەڵامەکە لادەدات و وەڵامێکی تری بە هێزی دەداتەوە، تا خۆی ڕزگاربکات، یان بۆ هەردۆخێکی شەرمەزارکەر بێت، بیەوێت خۆی لێ ڕزگار بکات. بۆ نموونە، پێی دەڵێت: تۆ ناشرینیت. گوێگر وەڵامێکی بەهێز و دەمکوتکەری دەداتەوە وەك: ( من ئاوێنەی تۆ نیم)، یان(بۆچی هەموو کەس وەك خۆت دەبینیت)، بەم وەڵامە، وای لێدەکات پەشیمان بێتەوە لەوەی، کە گووتوویەتی. کار لەبەرانبەرەکەی دەکات و زۆرجار بێدەنگی دەکات. بەڵام وەڵامی ناکاریگەر ئەوەیە، کە ناتوانێت وەڵامێکی بەهێزی بداتەوە، کە بەرانبەر شەرمەزار و بێدەنگ بکات. بۆ تێگەیشتن لە وەڵامی کاریگەر چەند پێناسەیەك دەخەینەڕوو:

- وەڵامی کاریگەر: ئەو وەڵامدانەوەیە، کە لە دۆخە شەرمەزارکەرەکاندا وا لە گوێگردەکات، بێدەنگ بێت و هیچ شتێك نەدۆزێتەوە، کە وەڵامی بداتەوە. گوزارشت لە زیرەکی و وردبینی و ڕەفتاری باش دەکات. (نجيب عبد الفتاح جيلاني، ٢٠٢١، ٧). وەڵامی کاریگەر: وەڵامێکی دەمکوتکەرە، وەڵامێکی گونجاوە، وەڵامێکی ڕەوانبێژی ئەفسوناویی بەهێزی ئارگۆمێنتییە، وەڵامێکی یەکلاکەرەوە، خێرایی ژیرییە، دەرچوونە لە تەنگەژە، ئەمانە هەمووی لە تواناکانی زمانن.( محمد سعيد العاني١٩٨٥: ٨). وەڵامی کاریگەر: ئاماژەیە بۆ خێرایی ژیری، بوونی ئەقل، شارەزابوون لە واتاکانی زمان، توانای کورتی لە دەربڕین و زاڵبوون بەسەر بارودۆخە شەرمەزارییەکاندا هەیە. قسەکانی قسەکەر هەلدەگەڕێنێتەوە، کاردانەوەیەکە بۆ ئەو هێرشەی، کە لەسەری کراوە، بە ڕێگایەکی خێرا و زیرەکانە. (إبراهيم بن عبدلله الحازمي ١٤١٥: ٤) .

کەواتە وەڵامی کاریگەر: وەڵامێکە لە بارودۆخە شەرمەزارکەرەکان، یان پێویستییەکان بەکاردێت. پەیوەندییەکی بەهێزی بە گووتنی قسەکەر هەیە. خاوەن ئارگۆمێنتی بەهێزە. پوخت و کورت و خێرایە. قسەی لێ دەبڕێت و بێدەنگی دەکات.

- نموونە٢: شێخ ڕەزا لە وەسفی کچێکدا دەڵێت: هۆش و تواناو لەش و گیانم تۆی هەرچی دەردەکەوێت وا دەزانم تۆیت. عەرەبێك گووتی: ئەی ئەگەر حوشترێك دەرکەوت.

شێخ ڕەزا وەڵامی داوە گووتی: ئەوا دەزانم تۆیت.

واتای وەڵامەکەی شێخ ڕەزا، واتە: (تۆحوشترەکەیت). قسەکەر(عەرەبەکە) پرسیارێکی نەشیاوی کرد، بۆیە وەڵامدەر (شێخ ڕەزا) بەو وەڵامە عەرەبەکەی توشی شەرمەزاری کرد.

**٢-٢ زمان وەك کار و کاردانەوە:**

هەر گووتنێك وەك هاندەرێك لەتوانایدا هەبێت، کار لە لایەنی دەروونی وەرگر بکات، ئەوا کاردانەوەیەکی دەبێت. پەیوەندی نێوان زمان و ڕەفتار دەگەڕێتەوە بۆ بلۆمفیلد، کە زمان و دەروونناسی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. دەڵێت: واتای زمانی: بریتییە لەو بارەی، کە قسەکەی تێدا دەکرێت و لەو کاردانەوەیەی، کە لە گوێگر بەدی دەکرێت. (أحمد مختار،١٩٩٨: ٦١) گووتنەکە دەبێتە کارێکی(هاندەر)ێکی زمانی، وەڵام دەبێتە کاردانەوە. (محمود السعران،١٩٩٢: ٣٠٥) مرۆڤ لەکاتی لە دایك بوونیەوە، توانستێکی زمانی هەیە، بۆ وەرگرتنی هەر زمانێك یارمەتی دەدات، سەرەتا داتاکان وەردەگرێت دواتر ڕستەی وا بەرهەم دەهێنێت، کە هەرگیز نەمان بیستووە. (بڕوانە: Noam (Chomsky,1985: 6 ,25-27 واتە مرۆڤ ئامادە باشی ئەوەی تێیدایە، کە چەندین گووتنی جیاواز دەربڕێت، بە شێوەیەکی داهێنەرانە، نەك لاساییکردنەوە. کەواتە مرۆڤ بۆ هەر گووتنێك لەتوانایدا هەیە، وەڵامێکی جیاواز بداتەوە، کە لاسایکەرەوە نەبێت، بۆ ئەوەی کاریگەر بێت.

**٣-٢ دۆزینەوەی پەیوەندی لە وەڵامی(کاردانەوە)ی کاریگەر:**

لە پرۆسەی وەڵامی کاریگەردا قسەکەر و وەڵامدەر پەیوەندییەکەیان زیاتر بۆ مەبەستەکانی: (هەڕەشە، توانج، چەواشەکردن(هەڵخەڵەتاندن)، شڵەژان، ئاژاوەنانەوە، پۆزشهێنانەوە، ورژاندن،

ئیسپاتکردن، تاوانبارکردن، ئینکاربکردن، داکۆکی، گوماندەربڕین....هتد)ە، بۆ دەربڕینی ئەم مەبەستانەش پێویستی بە زمانەکی (ئایرۆنی و میتافۆڕ) دەبێت، واتە شێوازێکی کردەی ناڕاستەوخۆ، ئەم شێوازانەی بەکارهێنانی زمان پێویستی بە تێگەیشتن و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەیە. بۆئەوەی تێگەیشتن زیاتر بێت و وەرگر و قسەکەر نەکەونە هەڵەوە، بۆ ئەم مەبەستە تیۆری پەیوەندی( Relevance) هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییە واتاییەکە، چونکە ئەم تیۆرە تەنها مەبەستە شاراوەکان دەرنابڕێت، بەڵکو ئەم تیۆرە چەند گریمانەیەك بۆ تێگەیشتن بۆ کەسی بەرانبەر بەرهەم دەهێنێت. بەپێی ئەم تیۆرە لە کار و کاردانەوەدا هەموو گوتنێك لە بنەڕەتدا بە سیستەمێکی وێنەیی مێشك پەیوەندییەکە دەدۆزرێتەوە، نەك تەنها گوتنە ڕەواڵەتیەکەی نێوانیان.

ئەم تیۆرە هەوڵدەدات زمانی میتافۆڕ و ئایرۆنی لێکبداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە تێچووەکی زۆری پرۆسێسی زانیاریە لە مێشك، چونکە دژایەتی ڕێساکانی زمان دەکەن. هەمیشە واتاکە تێکدەدەن، بەشێکی زۆری زانیارییە نازمانییەکان لە پرۆسەی لێکدانەوەدا بەشدارن. واتە پێویستمان بە زۆرترین زانیاریە، تا پرۆسێسە ئەقلییەکە بۆ لێکدانەوەی زانیارییە نازمانییەکان و تێگەیشتن لە مەبەستەکان سەرکەوتوو بێت. واتای (میتافۆڕ و ئایرۆنی.) لە (ڕەوانبێژی و کردەی قسەیی و بنەماکانی گرایس) لێکدانەوەیان بۆدەکرا، هەروەها لێکچوونەکان زاراوەیەکە بەشێوەیەکی ناڕوون لە پێناسەکردن ناسراوە. هەرشتێك دەتوانرێت لە هەرشتێك بچێت، لایەنی کەم وەسفکردنی دروستی پرۆسەی هەستکردن بە لێکچوون، بەگشتی دەبێت لەسەر بنەمای چەمکی پەیوەندیکردن بێت. ناسینەوەی ئەم لێکچووونانەش بۆ تێگەیشتن بە بنەمای پەیوەندی بەڕێوە دەچێت. Sperber (Dan and Deirdre Wilson1995: 231 -233) واتە هەموو پەیوەندییە لێکچوونەکان لە زمانی میتافۆڕیی لەسەر بنەمای دۆزینەوەی پەیوەندییە، بە بەکارهێنانی زانیاری ئینسکلۆپیدیای.

### ٤-٢ مەبەستداری و کاریگەری:

هەموو ئەوانەی باسمانکرد، خزمەت بە خستنەروو و گواستنەوەی مەبەستی قسەکەرە بۆ گوێگر، بەم پێیە مەبەست لە ئاخاوتندا دەبێتە کرۆکی گوتن، مەبەست لەدەوروبەر وەردەگیرێت و واتاکەی لە دەرەوەی واتای وشە و ڕستەکانە و بە ناڕاستەوخۆیی، یان ڕاستەوخۆیی دەردەبڕدرێت. تیۆری کردە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قسەییەکان کار لەسەر مەبەستی قسەکەردەکات لە ئاخاوتندا، هەر بۆیەش گرنگترین بناغەی پراگماتیکە. ئۆستن(Ustin) دامەزرێنەری ئەم تیۆرەیە. هەموو گوتنەکان سەرەڕای واتاکەی هەرچییەك مەبەستیان بێت، لە ڕێگای هەبوونی هێزی تایبەتەوە کردەی تایبەت ئەنجام دەدەن.(Stephen e . Levinson 2008:236 ) لە تیۆری کردەی قسەیدا زمان تەنها ئامرازێك نییە، بۆ پەیوەندیکردن وەك لە قوتابخانەی ئەرکی ئاماژەی پێدەکەن. هەروەها زمان هێمایەك نییە، بۆ دەربڕینی بیر وەك قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ئاماژەی پێدەکەن، بەڵکو ئامرازێکی کاریگەرە (مسعود صحراوی، ٢٠٠٥: ١١). ئۆستن دەڵێت: زمان تەنها گەیاندنی هەواڵ و وەسفکردنی ڕاستییەکان و گەیاندنی زانیاری بە وەرگر لەڕێگای فۆنیمەکانەوە ستوردار نییە، بەڵکو کۆمەڵە کردارێکن بۆ گۆڕینی بیرو باوەڕی تاکەکان و وەسفکردنی هەندێ دۆخ و ڕازیکردن و باوەڕهێنان و سەرنجڕاکێشانە. (Austin,1962: 3-6) ئەمانەش تایبەتمەندی گرنگن لە وەڵامی کاریگەردا. کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان، جگە لە واتای فۆرمە زمانییەکە، مەبەستی تر دەگەیەنێت. زۆرجار واتای مەبەست جیاوازە لە دەربڕینێکی وشەیی واتاداری گوتراو، وەك ئەوەی لە خوازە و لێکچواندن و درکەدا هەیە. ئەو کردانەن، کە واتایەکی ناڕاستەوخۆیان هەیە. واتاکەیان لە ناوەڕۆکەکەیە، مەرج نییە، لە فۆڕمی گوتنەکە ئاماژەی پێبکرێت. بەڵام لە دەوروبەرەکەی، کە لە دیاریکردن و ئاڕاستەکردنیدا بەشدارە و واتایەکی نەریتی و گفتوگۆیی لەخۆ دەگرێت.( علي محمود حجي، ٢٠١٠: ١٢٤)

کەواتە کردەی قسەیی لەسەر بنەمای سیستەمێکی واتادار و کاریگەری دامەزراوە. ئەرکێکی ئاڕگۆمێنتی هەیە، چونکە کاریگەری لەسەر وەرگر هەیە. کاریگەرییەکەشی بەهۆی کردە ناڕاستەوخۆکان. لە وەڵامی کاریگەردا بۆئەوەی وەڵامەکەی کاریگەربێت، مەبەستێکی شاراوە لەناو وەڵامەکەدا هەیە، کە ڕاپەڕاندنی کردەکەیە. وەڵامدەر هەوڵدەدات لەڕێگای زمانەوە و بە بەکارهێنانی کردەی جیاواز، وەڵامێکی کاریگەر بداتەوە.

**٢-٤-١ شیکردنەوەی مەبەستداری و جۆری کردەکان لە وەڵامی کاریگەر:**

**٢-٤-١-١ جۆری کردەکان لە گووتنە پرسیارەکانی وەڵامی کاریگەری:**

کاتێ قسەکەر هێرشێکی زمانی، یان هەڵوێستەك دەردەبڕێت، گوێگر کاردانەوەی(وەڵامی)دەبێت، کاردانەوەکەشی لەسەر شێوازی پرسیارکردنە، واتە وەڵامدەر کاردانەوەی بە شێوازی پرسیارە، بەڵام بە مەبەستی پرسیار بەکارنایەت، بەڵکو وەڵامدەر زانیاری لایە، بەڵام بۆ مەبەستی تر پرسیاردەکات. ئەویش مەبەستەکانی (سەرسورمان، نکۆڵیکردن، ڕەتکردنەوە، ئیدانەکردن، دانپێدانان...هتد)ە. لە پرۆسەی وەڵامی کاریگەردا، بەشێکی زۆری کاردانەوەکان لەم جۆرەیە. چونکە ئەم جۆرە شێوازە کاریگەری زیاد دەکات، گوێگر دەورژێنێت، شێوازێکی سەرنج ڕاکێشە و توشی سەرسوڕمانی دەکات. ئەم جۆرە پرسیارانە شێوازێکی ئارگۆمێنتییە. یەکێکە لە باشترین جۆری ئارگۆمێنتەکان. بەمەش بەرانبەر ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە، بەڵکو ناچاری دەکات بێدەنگ بێت.

**- نموونە٣: بە د.فەرهاد پیربالیان گووت: زۆر جار دەڵێن ئەگەر د.فەرهاد پیربال بە جدیەتیش قسەبکات، خەڵك بەگاڵتە جارییەوە وەری دەگرێت، ئەمە جۆرێك لە کێشە نییە، لە تۆدا؟ د.فەرهاد پیربال لە وەڵامدا گووتی: زۆر جار بە گاڵتە جارییەوە قسەم کردووە، خەڵك بەجدی وەری گرتووە، ئەمە کێشە نییە لە ئێوەدا؟**

وەڵامدەر وەڵامەکەی لەسەر شێوەی پرسیارە، بەڵام کردەکانی( ڕەتکردنەوە، دانپێدانان، پاتکردنەوە، ساغکردنەوە)دەگەیەنێت.

**٢-٤-١-٢ جۆری کردەکان لە گوتنە هەواڵییەکانی وەڵامی کاریگەر:**

کاتێ قسەکەر پەیامێك دەنێرێت، پێویستە ئاماژە بە واتایەك بکات، بێگومان هەموو گوتنێك هەڵگری واتاکەی خۆیەتی، بەڵام هەندێ جار لەو واتایە لادەدات. بۆ واتایەکی نوێ بە پێی چوارچێوەی دەوروبەرەکەی و ئەو دۆخەی، کە تێیدا گوتراوە. هەواڵەکە لەو واتایە لادەدەن، بۆ ئەوەی بەرە و واتایەکی نوێمان ببات، کە لە دەوروبەرەکەی لێی تێدەگەین. بڕوانە:(عبدالعزیز عتیق،٢٠٠٩: ٣٧-٤٠) زۆربەی وەڵامە کاریگەرەکانیش ڕستەی هەواڵین، بەڵام زانیاری ناگەیەنن، بەڵکو کردەی جیاواز ئەنجام دەدەن. پێویستە هەواڵەکە لەگەڵ بارودۆخی گوتنەکە و گوتنی قسەکەرەکە هاوتا بێت. کردەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەواڵیش وەك:( ڕەتکردنەوە، ڕوونکردنەوە، توانج، داکۆکیکردن، تاوانبارکردن، ئینکاری کردن، گوماندەربڕین، گلەیکردن، ئاگادارکردنەوە...هتد).

- **نموونە٤: پیاوێک چووە لای پیاوێکی ئاینی و پێی گووت: من هاوسەرگیرم لەگەڵ ئافرەتێک کردووە, کە تازە بۆم دەرکەوتووە، کە شەلە، دەتوانم لێی جیا ببمەوە؟ پیاوە ئاینییەکە گووتی: ئەگەر دەتەوێت پێشبڕکێی ڕاکردنی پێبکەیت، بەڵێ.**

وەڵامەکە لەسەر شێوەی هەواڵە، بەڵام کردەکانی (ڕەتکردنەوە، ئامۆژگاری، گلەی، توانج) دەگەیەنێت.

**٢-٤-١-٣ جۆری کردەکان لە گوتنە فەرمانی و داخوازییەکانی وەڵامی کاریگەر:**

ڕستەی فەرماندان جگە لە فەرماندان بە پێی دەوروبەر چەند کردەیەك ڕادەپەڕێنێت، کە ئەرکی فەرماندان جێبەجێ ناکات، وەك کردەی( ئیزندان، ترساندن، ڕێپێدان، قەدەغەکردن، پێشنیاز، ئامۆژگاری، ڕوولێنان، داواکردن، ئاگادارکردنەوە.) (قیس کاکل،١٩٩٥: ١٠٩-١١٣). لە وەڵامی کاریگەر گوتنێکی فەرماندان زیاتر کردەکانی( ترساندن، ئامۆژگاری....). ڕاپەڕاندنی کردەی جیاواز لە گوتنی فەرماندان کەمتر بەکاردێت بە بەراورد بە گوتنی هەواڵ و گوتنی پرسیار، چونکە گوتنەکانی ڕستەی فەرمان زیاتر بۆ مەبەستی: ( ڕێپێدان، پێشنیاز، داواکردن)ن، ئەمانەش بۆ مەبەستی کاردانەوە بەکار نایەن و ئەم کردانە کاریگەریان کەمترە.

- **نموونە ٥: پیاوێک, چوو بۆ لای زانایەکی نەخۆش, ماوەیەکی زۆر لای دانیشت، پاشان گووتی: ئەی شێخ ئامۆژگاریم بکە. زاناکە گووتی : ئەگەر چوویتە لای نەخۆش، زۆر دامەنیشە.**

وەڵامدەر وەڵامەکەی لەسەر شێوەی فەرمانە، بەڵام کردەکانی (توانج، ڕەتکردنەوە، پیشنیار) دەگەیەنێت.

**٢-٥ مەبەستەکانی بەزاندن و جێبەجێکردنی بنەماکانی گرایس لە وەڵامی کاریگەر:**

وەڵامی کاریگەر لەسەر بنەمای کار و کاردانەوەیە. وەڵامدەر مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ گەیاندنی بیرۆکەکەی دەکات، بەجۆرێك بەکاری دەهێنێت، کە سەرنجی بەرانبەری ڕابکێشێت و سەرسامی بکات،

بۆئەوەی بێدەنگی بکات. کەواتە کاردانەوە پێویستی بە هێزی ئاخاوتنە( زمانێکی داهێنراو)ە، پێویستە فۆرمەکی ئاشکرای نەبێت و کاریگەر بێت، بۆیە زۆرجار پێویستە لە وەڵامدەر لە بنەماکانی هاریکاری گرایس لابدات، چونکە هەموو لادانەکان شێوازێکی کاریگەر دەخوڵقێنن. هەموو لادانێکیش لە بنەماکان تەم و مژ دەبێت و پێویستی بە دۆزینەوەی پەیوەندییەکان دەبێت.

**بنەمای چەندێتی دەڵێت:** گووتنەکەت نە زیادەبێ و نە کەمتر لەوەی پێویستە. هەندێ کات لە بنەمای چەندێتی لادەدات، بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە. بەڵام پێویستە ئەمە بخەینە ڕوو، کە وەڵامدەر زۆر جار بنەمای چەندێتی پەیرە و دەکات، چونکە یەکێك لە تایبەتییەکانی وەڵامی کاریگەر  پوخت بێت و درێژداڕی نەبێت، درێژدادڕی کاریگەرییەکە کەمتر دەکات.  بنەمای شێواز دەڵێت: گوتنەکەت ڕوونبێت، ئاشکرا بێت. لە وەڵامی کاریگەر، وەڵامدەر لە بنەمای شێواز لادەدات، چونکە تەم و مژی و نارِوونی وادەکات، کە وەڵامەکە بیر بدوێنێ و کاریگەر بێت. مەبەستەکانی بەشاراوەیی دەردەخات، بۆ مەبەستی: توانج، خۆڕزگارکردن، خۆدزینەوە لە بابەتەکە. بنەمای چۆنییەتی دەڵێت: هەوڵدە گووتنەکەت ڕاست بێت. ئەوەی پێت وایە درۆیە مەیڵێ. وەڵامدەر زۆرجار وەڵامەکانی ڕاست نین و لەو بنەمایە لادەدات، بۆ مەبەستی: گاڵتە پێکردن، یان لەبەر ئەوەی بەرانبەرەکەی درۆ دەکات، بۆیە بە درۆ وەڵامی دەداتەوە. بنەمای پەیوەندی دەڵێت: وەڵامەکەت پەیوەندی بە گوتنی قسەکەر هەبێت. زۆرجار وەڵامدەر وەڵامەکە بە شێوازێك دادەڕێژێت، کە پەیوەندی بەبابەتی گوووتنی قسەکەر نەبێت، بەڵام لە دوای ئەوەی، کە لە وەڵامەکە تێدەگەیت، دەبینیت لە ناوەڕۆك پەیوەندییەکی بەهێزی بە گووتنی قسەکەر هەیە.

**٢-٦** شیکردنەوەی چەند نموونەیەکی وەڵامی کاریگەر بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی(Relevance):

زۆربەی گوتنەکانی نێوان قسەکەر و وەڵامدەر(کار و کاردانەوە) پەیوەندیدارن. بەڵام دۆزینەوە پەیوەندی نێوان کار و کاردانەوە ئەرکێکی زۆری دەوێت، چونکە وەڵامی کاریگەر(بەهێز)، بۆئەوەی بەهێز بێت، لە بنەماکانی گرایس لادەدات، بەمەش پەیوەندییەکە لێڵ دەبێت. بۆئەوەی تێگەیشتن زیاتر بێت، پێویستە وەرگر پەیوەندییەکە بدۆزێتەوە. تیۆری پەیوەندی ئەو تیۆرەیە، کە هەوڵدەدات پەیوەندییەکە بدۆزێتەوە.  ئەگەر گووتنەك پەیوەندییەکەی ڕوون نەبوو، ئەوا ئەرك زۆر دەخاتە سەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەرگر و پێویستی زۆری بە پرۆسێسی زانیاری هەیە، واتە زۆرترین زانیاری یادگەی بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی بزانێت پەیوەندی نێوان قسەکەر و وەڵامدەر هەیە، یان پەیوەندییەکە لێڵە. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە وەڵامی کاریگەر لەم نموونانەی خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە.

**نموونە ٦: حافز ئیبراهیم و دکتور ئیبراهیم ناجی بەرانبەر یەک دانشتبوون، لە نێوانیان مێزێک هەبوو، یاری تاوڵەیان دەکرد، ناجی زۆر بەخێرایی بردییەوە بە حافزی گووت: چی تۆ و گوێدرێژ لە یەکتر جیادەکاتەوە؟ حافز گووتی: <u>مێزەکە</u>.**

ئەگەر سەیری ئەو وەڵامەی وەڵامدەر بکەین، بنەمای چەندێتی پەیڕەو کردییە. لە بنەمای شێواز لایداوە، بۆ ئەوەی واتایەکی بەهێز و کاریگەر هەڵگرێت. سەرەتا وا پێشبینی دەکات وشەی(مێزەکە) هیچ پەیوەندی بە پرسیارەکەی قسەکەر نییە، بەڵام لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی بەهێزی بە گووتنی قسەکەر هەیە. بۆیە بەرانبەر بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکە دەگەڕێت، تا بە ئەنجامێك بگات.

وەڵامەکە لە بنەمای پەیوەندی و گونجان لای نەداوە تەنها لە مەبەستی قسەکەر لایداوە، چونکە وەڵامەکە لەگەڵ دەوروبەری ئاخاوتن دەگونجێت، لێرەدا قسەکەر دوای بردنەوەکەی بەخێرایی لەخۆ بایی دەبێت. هێرشدەکاتە سەر گوێگر و بە گوێدرێژی دەجوێنێت. وای چاوەروان نەدەکرد ئەو وەڵامە کاریگەرە دەستاودەست وەربگرێت. ئەمەش ڕۆڵی ئاخێوەران دەگۆردرێتەوە و گوێدرێژەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بەمەش وەڵامی گوێگر پەوەندیدار دەبێت و گونجاو دەبێت لەگەڵ پرسیاری قسەکەر .

**١-مەبەستداری:** قسەکەر دوای بردنەوە خێراکەی ئەوەی بەزەیندااهات پەیامی نەفامی و بێ ئەقڵی بەگوێی بەرامبەرەکەی بدات، بە مەبەستێکی نائاشکرای شاراوە پێی ڕادەگەیەنێت، کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان گوێدرێژ و بەرامبەرەکەی نییە، بە پاساوی ئەوەی، کە لە یارییەکەدا دۆڕاندوویەتی. بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی گووتنی قسەکەر و شکاندنەوەی و ڕەتکردنەوەی.

**٢- ژینگەی مەعریفی :** تاکەکان لە هەندێ زانیاری هاوبەشن و لە هەندێ زانیاری و زانینی تریش جیاوازن و بە پێی ژینگەکەی دەگۆڕێت، هەر ئەمەش کاردەکاتە سەر توانای درکپێکردن، مەعریفە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ڕێڕەوی ئاخاوتن. لەم پرسیارەی سەرەوەدا قسەکەر دەیتوانی پەیامی نەشارەزایی بەرامبەرەکەی بە زۆر گوزارشتیتر دەرببڕێت، بەڵام لە ژێر کاریگەری لەخۆ باییبوون و شارەزایی لە لێکچواندن پەیامەکەی لە شێوەی پرسیاردا دەردەبڕێت و بەراوردی دەکات بە گوێدرێژ،

کە هەڵگری ئەدگاری نەفامی و نەزانی و بێ ئەقڵییە . پێدەچێت توانای مەعریفی گوێگر زیاتربێت بە بەڵگەی ئەوەی بێ دواکەوتن وەڵامێکی کاریگەر و گونجاوی دەداتەوە، بە سوود وەرگرتن لەو ژینگە فیزیکییەی، کە تێیدان و هەمان پەیامی پێگەیاندەوە.

**٣- بنەمای پەیوەندی و گونجان :** تاکەکان لە چوارچێوەی توانای مەعریفی بۆ چارەسەری زانیارییەکان لە هەوڵی ئەوەدان زانیارییەکانیان باشتربکەن، ئەمەش لە ئەنجامی بەستنەوەی زانیاری کۆن و نوێ، لەم نموونەی سەرەوەدا زانیاری کۆن ئامادەدەبێت لە کاتی ئامادەبوونی گوێدرێژ، کە دیارترین ئەدگاری بێ ئەقڵییە، ئەم ئەدگارە لای قسەکەر و گوێگر ئامادەبووە و گوێگر دڕکیپێکردووە بە بەڵگەی ئەوەی هەمان وەڵامی داوەتەوە، کەواتە زانیارییە کۆنەکان دەبنە پێشەکییەکی لۆجیکی بۆ بەدەستهێنانی زانیاییەکی نوێ، زانیارییە نوێیەکەش ئەوەیە ئەگەر ئەو لە یارکردندا وەک گوێدرێژبێت، ئەوا ئەویش لە شێوازی گفتوگۆکردندا وەك گوێدرێژ وایە . ئەمەش ئەو پەیوەندی و گونجانەیە، کە لە نێوان دوو گوتنەکەدا هەیە .

**٤-کاریگەری دەوروبەر:** کاریگەری دەوروبەری خۆی لە دوو پرۆسەدا دەبینێتەوە: بەهێزکردنی گریمانەکان: لەبەر ئەوەی پرسیاری قسەکەر ڕاستەوخۆ بەراوردی گوێگر و گوێدرێژ دەکات، هیچ تەمومژێکی تێدانییە، ئەوا هیچ گریمانە هەڵناگرێت و بۆیەش گوێگر بەخێرایی وەڵامی دەداتەوە . لابردنی گریمانە ناپەسندەکان: هەر کاتێک پەیام تەمومژاوی بێت، ئەوکات گریمانە و خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەربڕینەکان دەکرێت، بەڵام ئەم پرسیار و وەڵامەی سەرەوە، خوێندنەوەی جیاوازی نییە، بۆیەش گریمانەی ناپەسندی نابێت .

**٥- دەرەنجام:** پرۆسەی دەرەنجامی پرۆسەیەکی نەسەلمێنراوە، چونکە ئەوپەری پرۆسەکە لای وەرگر بە پێی بەڵگە و نیشانە گریمانەکردنە، ئەم پرۆسەیە پشت بە کۆکردنەوە و نزیکردنەوەی زانیارییەکان دەبەستێت. دەوەستێتە سەر توانای مێشکی ئاخێوەران. پرسیاری قسەکەر لەم نمونەیەدا، چونکە ڕاستەوخۆ پرسیاری ئەوە لە بەرامبەر دەکات، چ جیاوازییەک لە نێوان تۆ و گوێدرێژ هەیە، ئەوا ئەرکێکی زۆری ناکەوێتەسەر بۆ دڕکپێکردن و تێگەیشتن، بۆیە زوو مەبەستی تێدەگات، چونکە ڕاستەوخۆیە، دەرەنجام ئەویش بی سێ و دوو دانایانە وەڵامی دەداتەوە، ئەو زانیارییە دەداتە قسەکەر، کە داوای دەکات، ئەویش مێزە، کە ئەو و گوێدرێژ لەیەک جیادەکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**نموونە٧: کچێك بە جلێکی تەنکی هاوینە دەیەوێت بچێت بۆ گەشت. کچەکە بە پیرەمێردێك دەڵێت: پیرەمێرد من دەچم بۆ شاری سلێمانی پێویستە ڕووبکەمە قیبلە، یان بە پێچەوانەوە؟ پیرەمێردەکە سەیرێکی ئاسمانی کرد، کە پەڵە هەوری لێیە و گووتی: ڕوو بکە جلەکانت.**

**مەبەستداری:** لێرەدا دوو مەبەست دەگرێتەوە، دواتر لە دوای هەر کۆمەڵە گریمانەیەك ئاماژە بە مەبەستەکە دەکەین.

**لایەنی مەعریفی:** لایەنی مەعرفی پیرەمێرد و کچەکە بێگومان وەك یەك نابێت، کچەکە گەنجە و بیرکردنەوە و زانیاری جیاوازە پیرەمێردیش بە هەمان شێوە زانیارییەکانی جیاوازە، بۆیە کاتێ کە کچەکە دەبینێ زانیاری بۆ مەبەستی ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوەی پێدەدات، بەڵام لەهەمانکاتدا پیرەمێرد و کچەکە هەموو زانیارییەکانی مێشکیان بۆ لێکدانەوەکە دەخەنە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

**سەرچاوەکانی گریمانەی دەوروبەری:**

١- لێکدانەوەی گووتنەکانی پشوو: پێشتر هیچ گوفتوگۆیەکیان نەبووە.

٢- چوارچێوەی فیزکی: شوێنەکی گشتییە پیرەمێرد دانیشتووە، هەور لە ئاسمانە، کچەکە دەچێتە گەشت بەو شوێنە تێدەپەڕێت. ئەو شوێنە فیزیکیەی کە کاروکاردانەوەی دروستتکردووە بوونی ئاسمانەکە و پەڵەهەورەکەیە.

٣- سیستەمی ناوەندی: هەموو زانیارییە ئینسکلۆپیدیاکانی مێشکی کچەکە و زانیاری جیاواز لە بارەی پیرەمێرد و زانیاریی لۆجیکی و زانیاری لەیارەی کۆمەڵگای کوردی لەبارەی لایەنی ئاینی پیرەمێرد و جلك و داب و نەریت لە مێشکی هەردووکیان هەڵگیراوە.

لێرەدا ئەگەر لە دەوروبەرێك، پیرەمێرد گووتنی کچەکە، وەك توانجێك لێکدانەوەی بۆ نەکات و کچەکەش مەبەستی لە قبلە ئاڕاستەی گەشتەکەی بێت. ئەوا بە سەیرکردنی پیرەمێرد بۆ ئاسمان ئەو پەیوەندییە بەدەستبهێنرێت. لێرەوە پرۆسێسکردنی زانیاری بۆ کچەکە دەکاتەوە. هەندێ زانیاری پەیوەندیدار هەیە: چ شتەك وای لێدەکات، کە سەیرکردنی بۆ ئاسمان و بوونی ئەو پەڵە هەورانە پەیوەندی بە کچەکەوە هەبێت؟

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گریمانەکانی یەکەم:** یەکەم: پیرەمێرد کەش و هەوا باشتر لە کچەکە دەزانێت. ئەگەر لەم ساتەدا کچەکە وا بیربکاتەوە باران بیارێت، بەڵگەکەی بارانبارین لاوازە، چونکە کەش و هەوا باشە، بەڵام بە ئاماژەدان بە پیرەمێرد، بەڵگەکە بەهێزترە. دووەم: پەڵە هەور لە ئاسمان دەبێتە باران. سێیەم: پیرەمێرد زیاتر ئامۆژگاری سەرمابوون دەکەن.

**دۆزینەوەی پەیوەندی یەکەم:** بە پێی ئەم گریمانانە بێت، پەیوەندییەکە لە نێوان جلی هاوینە و پەڵەهەور و بارانبارینە.

**مەبەستداری:** بەهۆی زانیاری پێشینە و زانیاری ئینسکلۆپیدیای و زانیاری لۆجیکی لە مێشکی کچەکە سەبارەت بە بارانبارین و جلی هاوینە. پیرەمێرد نیازی ئەوە بووە، کە پێی بڵێت: باران دەبارێت، سەیری جلەکانت بکە، بەم جلە هاوینە بۆ گەشت مەچۆ. لێرەدا کردەی ئاگادارکردنەوەیە بۆ مەبەستی پاراستن لە سەرمابوون.

ئەگەر لە دەوروبەرێك پیرەمێرد بیەوێت لایەنی ئاینی بچەسپێنێت، یان پیرەمێرد(گووتنی کچەکە) وەك توانجێك لێکبداتەوە، بەوەی کە مەبەستی کچەکە لە قبلە ئاڕاستەی گەشتەکە نەبێت، بەڵکو ڕووکردن لە قبلە بەمەبەستی توانج بێت، لەلایەنی ئاینی پیرەمێردەکە. ئەوا بە هەمان شێوەی یەکەم بە سەیرکردنی پیرەمێرد بۆ ئاسمان پێویستە ئەو پەیوەندییە بەدەستبهێنرێت. ئەگەر لێرەدا پرۆسێسی زانیاری بۆ کچەکە دەکاتەوە، بۆ لێکدانەوەی وەڵامی پیرەمێردەکە. کچەکە بۆ ئەوەی هەستبکات، کە پیرەمێرد بە کاردانەوەیەکی کاریگەر وەڵامی داوەتەوە، پێویستە چەند گریمانەیەك بکات:

**گریمانەکانی دووەم:** یەکەم: پیرەمێرد کەسێکی ئاین پەروەرە. دووەم: سەیرکردنی ئاسمان وەك لایەنی ئاینی، کە خودا هەیە. سێیەم: جلی تەنك بۆ ئافرەت لە ئاین قەدەغەیە.

**دۆزینەوەی پەیوەندی دووەم:** بە پێی ئەو گریمانانە بێت، پەیوەندییەکە لە نێوان جلی نەشیاوی کچەکە و ئاینە.

**مەبەستداری:** لێرەدا بوونی پەڵە هەورەکان هیچ پەیوەندییەك نییە، بە پێچەوانەی لێکدانەوەی یەکەم بەهۆی پەڵە هەورەکانەوە پەیوەندییەکەمان دۆزییەوە. واتە پیرەمێرد نیازی ئەوە بووە، کە پێی بڵێت. سەیری ئاسمان بکە خودا هەیە، ڕوو بکە جلەکانت، کە نەشیاون. ئەمەش کردەی ئامۆژگاری ئاینی و ئاگادارکردنەوەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دەرئەنجام:** دووجۆر پەیوەندی دۆزراوە: پەیوەندی یەكەم: پەیوەندییەكە لە نێوان جلی هاوینە و پەڵەهەور و بارانبارینە. پەیوەندی دووەم: پەیوەندییەكە لە نێوان جلی نەشیاوی كچەكە و ئاینە.

**پەیوەندی پەسەند و بەهێز:** پەیوەندی دووەمە، لە نێوان جلی نەشیا و و ئاینپەروەری، چونكە پیرەمێرد لە گۆمەڵگای ئێمە زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ لایەنی ئاینی و خودا پەرستی. هەروەها لە كۆمەڵگای ئێمە رێگا پێدراوە پیرەمێردێك ئامۆژگاری گەنجەكان بكەن، هەروەها ئەم جۆرە جلانە لە كۆمەڵگای ئێمە نەشیاوە، لە كۆمەڵگایەكتر بێت ئەو بەیوەندییە  بێ هێز دەبوو، چونكە ئەو جلانە ئاساییە لە كۆمەڵگامكانی تر. سەرهەڵبڕینی پیرەمێرد وە ئاگاداركردنەوەیەكە بۆ كچەكە كە خودا هەیە.

- **نموونە٨: هێمن موكریانی و هەژاری شاعیر بە یەكەوە دانیشتوونە، گوێدرێژێك دەبینن بارێكی زۆریان لێ باركردبوو، هێمن گووتی: بزانە ئەو گوێدرێژە چەند هەژارە، چ بارێكیان لێ باركردووە.  هەژار وەڵامی داوە گووتی: لەگەڵ ئەوەشدا ببینە چەند هێمنە.**

- **مەبەستداری:** قسەكەر(هێمن) لەگەڵ مام هەژار دانیشتووە، دوای بینینی گوێدرێژەكە بە خێرایی ئەوەی بە مێشك داهات، دەڵێت : بزانە ئەو گوێدرێژە چەند هەژارە، چ بارێكیان لێ باركردووە.  لێرەدا دوو ئەگەر بۆ مەبەستەكە دێتە ئاراوە، یان مەبەستی گەیاندنی بارودۆخی كەرەكە بەڕاستی، یان مەبەستی توانجە بۆ (مام هەژار)، كە بە شێوەیەكی نا ئاشكرا پەیامی بەستەزمانی، كە بۆ ئاژەڵ بەكاردێت بداتە پاڵ (مام هەژار)، ئەویش بەهۆی پەیوەندی نێوان ناوی هەژار و سیفاتی هەژاری. هەروەها هەژاریش بەهۆی تێگەیشتنی لە پەیامەكەی هێمن، توانای خۆی لەسەر هەمان شێوازی ئەو نیشانداوە.ئەمەش داهێنانێكی مەبەستی لێلی و كاریگەرە، جونكە ئەگەر (هێمن) مەبەستی خستنەرووی بارودۆخی گوێدرێژەكە بێت، ئەوا (هەژار) یش هەمان مەبەستی خستۆتەڕوو، بەڵام ئەگەریش مەبەستی توانج بوویێت، ئەوا ئەویش مەبەستی توانجە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای زمانی و شاعیر. ئەمەش كردەكانی شكانەوە، بەكەمزانین، ناشرینكردنی یەكتر، دەگرێتەوە.

- **ژینگەی مەعرفی:** ژینگەی مەعرفی هەردووكیان لە ئاستێكی بەرزی زمانیدایە، چونكە هەردووكیان شاعیرن بەهۆی زانیاری كۆنی هەردووكیان لە بەكارهێنانی وشەكان و بەستنەوەی وشەكان لەڕووی واتاوە بە یەكتر، وایكردووە هەردووكیان زۆر بە زیرەكانە وەڵامێك بۆ هاندەرەكان بدۆزنەوە. ژینگەی مەعرفی ئەمانە دەگرێتەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سەرچاوەکانی گریمانەی دەوروبەری:**

**١- دەوروبەری فیزیکی:** بوونی ئەو ژینگە فیزیکیە کار و کاردانەوەی دروستکردووە. ئەو شوێنەی، کە لێی دانیشتوون دەشت، یان لادێیە سەیری دیمەنەکانی دەوروبەریان دەکەن و گوێدرێژ و بارکردن لەم شوێنە دەبینن. هەر بینینی ئەم گوێدرێژەیە، وایکردووە ببێتە هاندەر بۆ هێمن بۆ ئەوەی ئەو گووتنە دەرببڕێت و ئەم گووتنە ببێتە هاندەر بۆ وەڵامدانەوەی هەژار.

**٢- دەوروبەری لێکدانەوەی وتەکانی پێشوو:** وتەکانی پێشوو دەسکاری و گۆرانکاری لە لێکدانەوەکە دەکەن. دەوروبەرەکە و لێکدانەوەکە بە پێی ئەو زانیارییەی پێشوو، گۆرانکاری بەسەردادێت. بۆ نموونە: ئەگەر پێشتر لەلایەن ئەم دوو شاعیرەوە باسی لایەنی ئەرکەکانی گوێدرێژ کرابێت، ئەوا بە پێی ئەم زانیاریەی پێشوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. ئەگەر ئەم دوو شاعیرە پێشتر پەیوەندی نێوانیان توانج و گاڵتەکردن بێت، بەپێی ئەم زانیاریانەی پێشوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. ئەگەر ئەم دوو شاعیرە پەیوەندییەکی دژایەتی و کێبڕکێ و شکانەوەی یەکتر بێت، ئەوا بەهەمان شێوە ئەو زانیاریانە لە یادگەی هەردووکیان تۆمارکراوە. ئەمەش لێکدانەوەیەکی جیاوازی بۆ دەکرێت.

**٣- بیرگەی سیستەمی ناوەندی:** ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرێت کە لە یادگە هەڵگیراون لەبارەی جیهان. هەموو زانیاری ئینسکلۆپیدیای لەبارەی وشەی (هێمن) و (هەژاریی)کە وەك ناوی خۆیان، یان وەك میتافۆڕ بەکارهاتوون، هەروەها زانیاری لەبارەی(گوێدرێژ و بارهەڵگرتن).

**- بنەمای پەیوەندی و گونجان:** زانیاری کۆن هەموو ئەو زانیارییانەی لە بارەی وشەکانی هێمن و هەژار و سیفاتی گوێدرێژەکە، لە یادگەی هەردووکیان تۆمارکراوە. ئەمەش وایکردووە ببەستنەوە بە زانیاری نوێ، کە بینینی گوێدرێژەکە و گووتنەکانی نێوانیانە لەم ساتەدا. لەبەرئەوەی چەند واتایەك هەڵدەگرێت، بۆیە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکە، ئەرکی زیاتر دەخاتە سەر قسەکەر و وەرگر. بۆ تێگەیشتن لە واتای مەبەست و دۆزینەوەی پەیوەندی، کۆمەڵێ گریمانە ئامادەدەکەین.

**- کاریگەری دەوروبەر:** بەهێزکردنی گریمانەکان: لەبەر ئەوەی قسەکەر ڕاستەوخۆ بەراوردی گوێگر و گوێدرێژ دەکات، ئەوا سێ جۆر گریمان هەڵدەگرێت. لابردنی گریمانە ناپەسندەکان: لەبەر ئەوەی ئەم کار و کاردانەوەیە سێ خوێندنەوەی جیاوازی هەیە، بۆیەش گریمانەکان بە سێ جۆر دەکرێت، ئەوەی پەیوەندییەکەی نییە، ناپەسەندە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گریمانەکانی دەوروبەری یەکەم:** یەکەم: گریمان هەژار و هێمن پەیوەندییەکەیان دژایەتییە و مەبەستەکەیان توانجە لە یەکتر.
دووەم: زۆربەی گفتوگۆکانیان لەو کاتەدا بەمەبەستی بەکەمزانینی یەکترە. سێیەم: کەسی قسەکەر ناوی هێمنە و وەڵامدەریش ناوی هەژارە. چوارەم: ئاگاداری واتای بارکراو و لاوەکی گوێدرێژن و لە یادگەیان پارێزراوە، کە گوێدرێژهەڵگری سیفەتی هەژاری و هێمنییە. زانیاری ئینسکلۆپیدیای وشەی هەژار، واتای تریش هەڵدەگرێت، وەك: داماوی، بێدەسەڵایەتی،نەزان ، بێ مێشك و نەزان و گێل، هەروەها بەواتای ئەوەش دێت، کە کەسێك لە هەموو بارودۆخەك کە بەسەری دێت بێدەنگە. بەڵام مەرج نییە، ئەم زانیاریانە لە بارەی وشەی هەژار لە یادگەی هەموو کەسێك تۆمارکرابێت.
**دۆزینەوەی پەیوەندی یەکەم: بەپێی ئەم چوار گریمانە بێت، پەیوەندییەکە (گوستنەوەی سیفەتەکەیە) لە نێوان گوێدرێژەکە و دووکەس بۆ سوکایەتیپێکردن :** (هەژار) ئاماژەیە بۆ کەس واتە (هەژار) وەسفی ڕاستەقینەی گوێدرێژەکە نییە، کە هەژارە، بەڵکو مەبەستی لە بەکارهێنانی وشەی (هەژار) ناوی هەژاری شاعیرە، بەهەمانشێوە لە وەڵامەکەش (هێمن) ئاماژەیە بۆ ناوی کەسەکەی بەرانبەرە، کە (هێمن)ی شاعیرە. ئەمەش توانجە بۆ مەبەستی  تاوانبارکردن و سوکایەتی پێکردن سوودی لێوەگیراوە. ئەم گوێدرێژە وەك هەژاری شاعیر بەستەزمان و داماو و گێل و نەزان و بێ مێشکە. هەروەها وەك لێکچواندنێك بە گوێدرێژەکە بەهەمان شێوە وەڵامدەر هەژار مەبەستی ئەوەیە هێمن گوێدرێژەکەیە.
**گریمانەکانی دەوروبەری دووەم:** هەمان چوار گریمانەکەی پێشووە، تەنها گۆڕانکاری لە گریمانەی خاڵی یەکەم دەکەین، کە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی گاڵتە و خۆشییە، نەك دوژمنایەتی و دژیەکی.
**دۆزینەوەی پەیوەندی دووەم:** بە پێی ئەم گریمانانە بێت پەیوەندییەکە لە نێوانیان سیفەتی گوێدرێژەکە و سیفەتی هەژار و هێمنە. بەڵام ئەمجارەیان توانجە واتە بۆ مەبەستی شکانەوە نییە، بەڵکو بۆ خۆشی و دەرخستنی توانای زمانییانە، چونکە هەردووکیان شاعیرن.
**گریمانەکانی دەوروبەری سێیەم:** یەکەم: پێشتر بەباشی باسی گوێدرێژ کراوە. دووەم: گریمان هێمن و هەژار گفتوگۆکانیان دژایەتی نەبووە. سێیەم: هیچ گاڵتەیەك لە نێوانیاندا نییە. چوارەم: لە

ئینسکلۆپیدیای یادگە پێشتر ئەوە هەبووە، کە سیفەتی هەژاری و هێمنی دراوە بە گوێدرێژ، یان واتای نەزانی و بێئەقلی دراوە بە گوێگر.

**دۆزینەوەی پەیوەندی سێیەم: بە پێی ئەم چوار گریمانەیە بێت، پەیوەندییەکە لە نێوان گوێدرێژ و سیفەتی گوێدرێژەکەیە.** واتە وەك ئەو واتایە ڕاستەوخۆیەی کە مەبەستیان لە گوێدرێژەکەیە، کە هەژارە و باری پێ باردەکەن و ئازاری دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا هێمنە.

- **دەرئەنجام:** سێ پەیوەندیمان دۆزییەوە و دەرئەنجامی پەیوەندی بەهێز و بێهێزی هەرسێکیان دەخەینەڕوو: **پەیوەندی یەکەم:** لە نێوان سیفەتی گوێدرێژەکە و ناوی دوو شاعیرەکەیە، ناڕاستەوخۆیە بۆ شکانەوەی یەکترە. ئەوە گریمانەی هەرە بەهێزە، چونکە لای هەموان ئاشکرایە کە ململانێی فکری لەنێوان هەردووکیاندا هەبووە. **پەیوەندی دووەم:** لە نێوان سیفاتی گوێدرێژەکە و سیفاتی شاعیرەکانە، بۆ مەبەستی خۆشی و گاڵتە و سەپاندنی توانای شاعریان. ئەمەش گریمانەیەکی بێهێزە، چونکە جیاوازی فکری و دژایەتی لە نێانیاندا هەبووە. نەك گاڵتە و خۆشی. **پەیوەندی سێیەم:** لە نێوان گوێدرێژ و سیفاتی گوێدرێژەکەیە واتە مەبەستە ڕاستەوخۆکە و گوێدرێژەکەیە. ئەوەش گریمانەیەکی بێهێزە، جونکە زانراوە بارودۆخی ئاژەڵ و کەر چۆنە لەم کۆمەڵگایەی ئێمە نابێتە باس، جونکە زانراوە. **ئەوەی گریمانەی پەسەندە، پەیوەندی یەکەمە، دەبێتە پەیوەندییەکی گونجاو.**

## ئەنجام:

١- تیۆری پەیوەندی لە وەڵامی کاریگەر ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە بە هۆی زانیاری کردەکانی قسەکەر، دەتوانێت هەموو پەیوەندییەك لە نێوان گووتنەکان بدۆزرێتەوە، تەنانەت ئەگەر لێکچوونەکان لە هیچ شوێنێکی فەرهەنگ، یان ئەقل و زانیاری ئینسکلۆپیدیا تۆمار نەکرابن.

٢- لە وەڵامی کاریگەردا کار و کاردانەوە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، چونکە ئەگەر پەیوەندی نەبێت، ئەوا وەڵامەکە کاریگەر نابێت. وەڵامەکان(کاردانەوەکان) بەزۆری لە بنەماکانی گرایس لادەدەن، بۆ مەبەستی کاریگەری، بۆیە سەرەتا پەیوەندییەکە ئاڵۆزە، بەڵام دواتر پەیوەندییەکە دەدۆزرێتەوە بەهۆی گریمانەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣- بەهۆی بوونی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان کار و کاردانەوە هەمیشە وەڵامەکان ڕوونترن، هەروەها ئاسانتر و خێراتر کردەکان دەستنیشان دەکرێت، بەرانبەر بە گووتنێکی ئاسایی.

٤- وەڵامدەر بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامێکی پەیوەندیدار بداتەوە، ئەوا بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکە و تێگەیشتن، پێویستی بەو دەوروبەر و پرۆسە ئەقلیانە دەبێت، کە تیۆری پەیوەندی دیاریکردووە، بەڵام بە ڕێژەیەکی زیاتر پشت بە گووتنی قسەکەر دەبەستێت، چونکە لەسەر بنەمای کاردانەوەیە، بە پێی گووتنی قسەکەر وەڵام دەداتەوە، کەواتە دەوروبەری سەرەکی لەوەڵامی کاریگەر گووتنی قسەکەرە.

٥- کردەی قسەیی دەڵێت: هەر گوتنەك ڕاپەڕاندنی کردەیەکە، بەڵام لە وەڵامی کاریگەر چەند کردەیەك لە هەمانکاتدا لە گوتنکدا بەدی دەکرێت. هەروەها یاسای ڕێکخستنن لە جووتە گوتنی هەر پرسیارەك وەڵامێکی پەیوەندیداری هەیە، ئەمەش زیاتر لە بنەماکانی گرایس دەچێت، بەڵام لە وەڵامی کاریگەردا، زۆرجار پرسیارەکە وەڵام ناداتەوە، بەڵکو بۆ مەبەستی تایبەت لە وەڵامەکە لادەدات.

## سەرچاوەکان:

**سەرچاوە کوردییەکان- کتێب:**

1. قیس کاکل توفیق(١٩٩٥) جۆرەکانی ڕستە وتیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان- کتێب:**

1. أحمد مختار عمر(د.)(١٩٩٨) علم الدلالة، الطبعة الخامسة، عالم الكتب، القاهرة، مصر.
2. إبراهيم بن عبدالله الحازمي(١٤١٥) الأجوبة المسكتة: جواهر- درر-نوادر-محاورات بليغة- فوائد، الجزء الثاني، الطبعة الأولى، دار الشريف، الرياض- السعودية.
3. جواد ختام(٢٠١٦) التداولية أصولها و أتجاهاتها، الطبعة الأولى، دار كنوز المعرفة للنشر، عمان.
4. دان سبيربر، ديدري ولسون(٢٠١٦)، نظرية الصلة أو المناسبة في التواصل و الإدراك، ترجمة هشام إبراهيم عبدالله الخليفة، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، ليبيا.
5. عيسى بربار(٢٠١٦)البعد التداولي في العملية التواصلية(شعر الأمير عبدالقادر الجزائري- أنموذجا)، رسالة دكتوراه، كلية الأداب والفنون، جامعة أحمد بن بلة، وهران- الجزائر.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. على محمود حجى الصراف(٢٠١٠) في البراجماتيه الأفعال الأنجازيه في العربيه المئعصره، الطبعة الأولى، مكتبة الأداب - القاهرة، مصر.
7. عبد العزيز عتيق(٢٠٠٩) ئلم المعاني، طبعة الأولى، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان.
أ- مسعود صحراوى(٢٠٠٥)التداولية عند علماء العرب، دراسة تداولية لظاهرة(الأفعال الكلامية) في التراث اللساني العربي، الطبعة الأولى، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت. وەری گرتووە لە:

Moeschler et A. Auchlin, Introduction a lalinguis ticque contem paraine, paris, Armand Colin, 1998,P.179

ب- مسعود صحراوى(٢٠٠٥)التداولية عند علماء العرب، دراسة تداولية لظاهرة(الأفعال الكلامية) في التراث اللساني العربي، الطبعة الأولى، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت.
8. محمود السعران(د.)(١٩٩٢) علم اللغة مقدمة للقارىء العربي، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية، القاهرة، مصر.
9. محمد سعيد العاني(١٩٨٥) الأجوبة المسكتة، مطبعة العاني، بغداد-العراق.
10. نجيب عبد الفتاح جيلاني(٢٠٢١) قصف الجبهات في الردود المسكتات، الطبئة الأولى، دار الؤلؤة، المنصورة-مصر.

**گۆڤارەکان:**

1. - فاطمة الزهرة فتاك(٢٠١٩) التواصل من منظور نظرية المناسبة لدان سبيربر و دريدر ويلسن، الأكادمية للدراسات الأجتماعية و الإنسانية، المجلد١٢ ، العدد٥١ ، جزائر.عدد الصفحات: (٣٤-٤٢).
2. كريم عبيد علوي( ٢٠٢٠ ) الأجوبة المسكتة دراسة في ضوء اللسانيات التداولية، مجلة كلية التربية للبنات-جامعة بغداد. أذار، عدد٣١، بغداد، عيراق. عدد الصفحات: (١٣٥-١٥١).
3.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Dan Sperber and Deirdre Wilson(1995) Relevance, (Communication and Cognition) Second Edition, Blackwell, USA.
2. Georgy Yule (1996) Pragmatics, Oxford University press
3. -H.P.Grice(1975), Logic and Conversation, Universtis of California.
4. J.L.Austin(1962) How to do things with words, Oxford University press,at the clarendon press, The William James Lectures delivered at Harvard University in 1990.

5. Noam Chomsky(1985)Aspects of the theory of Syntax, Fourteenth Printing, The M.I.T.Press, United States of America.
6. Stephen e . Levinson(2008) Pragmatics, Cambridge University Press, Ninteeth Printing ,Newyork.

---

## Effective Answer within the framework of relevance theory

**Asst. Lect. Midya Jalal Majid**
Kurdish Department, Makhmur College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Midya.majeed@su.edu.krd

**Prof. Dr. Abdulwahid Mushear Dizayee**
Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

***Keywords**: Effective response, Relevance Theory, Context, Intentional actions, Stimulus, Assumptions.*

## Abstract:

This study analyzes the effective response within the framework of Relevance Theory. It reformulates a new description of the relationship between utterances and the interpretation of pragmatic meaning. Spierber and Wilson believe that the process of communication is not only linked to the encoding and decoding of messages, but also the concept of mental fields for communication into the process of interpreting meaning. This theory relies on the strength of the linguistic stimulus, how a strong speech stimulus is produced by one individual and perceived by another. An effective response is a quick, short, and interesting response that often silences the other person. Communication theory is closely related to effective response, because effective response by the speaker and listener is a linguistic stimulus, and

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

communication theory is based on the amount of task on speakers. Effective responses are based on strong action and reaction, so many responses deviate from the principles of Grace's cooperation in order to be effective, thus blurring the relationship, so it puts a lot of work on the recipient to find the relationship. The purpose of this study is to answer the following questions: Are there a relationship between action and reaction to effective response, or not? According to this theory, how do we choose the right environment to respond? Finally, we concluded that any stimulus with greater perceptual effect is more relevant, and again it becomes clear that relationships can be found between utterances due to knowledge of the speaker's actions.

# الإجابة الفعالة في إطار نظرية الملاءمة

**ملخص:**

إن البحث يحلل الاستجابات الفعالة في إطار نظرية الملاءمة (Relevance Theory) ، فهو يعيد تعريف العلاقة بين الكلام وتفسير المعنى التداولي. يرى سبيربر و ويلسن أن عملية الاتصال لا ترتبط فقط بتشفير الرسائل وفكها، بل ترتبط أيضاً بمفهوم المجالات العقلية للتواصل في عملية تفسير المعنى. وتعتمد هذه النظرية على قوة المحفز اللغوي، أي كيفية إنتاج مثير الكلام القوي من قبل فرد ما وإدراكه من قبل فرد آخر. فالاستجابة الفعالة هي استجابة سريعة وقصيرة ومثيرة للاهتمام، وغالباً ما يؤدي إلى إسكات الشخص الآخر. إذ ترتبط نظرية الاتصال ارتباطاً وثيقاً بالاستجابة الفعالة، لأن الاستجابة الفعالة من لدن المتحدث والمستمع هي بمثابة الحافز اللغوي، ونظرية الاتصال تعتمد على حجم المهمة الملقاة على عاتق المتحدثين. و إن الاستجابات الفعالة مبنية على الفعل ورد الفعل القويين، لذلك تنحرف الكثير من الاستجابات عن مبادئ تعاون غرايس كي؛ تكون فعالة، ومن ثمّ تطمس العلاقة، فتبذل الكثير من الجهد على المتلقي للعثور على العلاقة. تهدف هذه الدراسة إلى الإجابة على الأسئلة الآتية: هل هناك علاقة بين الفعل ورد الفعل للاستجابة الفعالة؟ ووفقاً لهذه النظرية، كيف نختار البيئة المناسبة للرد؟ أخيراً، وفي نهاية المطاف، توصلنا إلى أنّ أيّ حافز له تأثير إدراكي أكبر يكون ذات صلة أكثر، وكما يمكن العثور على علاقات بين الأقوال جرّاء معلومات الأفعال اللغوية للمتحدث.